سەرۆک وەزیران و نەچیرڤان بارزانی گفتوگۆ لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی بەگوێرەی دەستور دەکات

ئەمڕۆ شەممە"محەممەد شیاع سودانی" سەرۆك وەزیران،لەگەڵ "نەچیرڤان بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەی چارەسەرکردنی مەلەف و کێشەکانی نێوان ناوەند و هەرێم بەپێی دەستوور کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیراندا هاتووە:- ئەمڕۆ شەممە "محەممەد شیاع سودانی" سەرۆکوەزیران، پێشوازی لە "نەچیرڤان بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق و وەفدی یاوەری کرد.

وەك ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بەکردوە لە کۆبوونەوەکەدا باس لەسەرجەم ئەو پرس و مەلەفانەکراون کە لەسەر ئاستی نیشتمانی جێ بایەخن و دوایین پێشهاتە ئەمنی و سیاسییەکانی ناوچەکەش تاوتوێکران ، هەروەها جەختکرایەوە لەسەر هەوەستە پتەو و پرنسیپییەکانی عێراق لەبارەی سەقامگیری،و سەروەری عێراق لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا.

ڕاگەیەندراوەکەی نوسینگەی سەرۆك وەزیران ئەوەشی خستەڕوو :-لەو کۆبونەوەکەدا باس لەو میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی دەسیەو پرسە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بەپێی دەستور، بەجۆرێك هاوڵاتیان لە پارێزگاکانی هەرێمی

کوردستان لە هەر جۆرە زیانێك یان لێكەوتەكانی ئاڵنگاری دەسیەی کارگێی و دارایی و ئابوری بەدور بگیرن.